## سیاسەتی تاڵەبانی بەرامبەر تورک ......

هیچ بوارێک لە بوارەکانی ژیان ڕێی لە دەستڕەنگینی و شارەزای تاک نەگرتوە ، دیارە دنیای سیاسەتیش یەکێکە لەوبوارانەی ژیان کە نەک هەر ڕێگر نەبووە بەڵکو ڕوبەرێکی تا ڕادەیەک زۆر فراوانیشی بۆمرۆڤ ڕەخساندووە کە ئەگەر شتێ لە هەگبەیدا هەبووبێ دەریبخات. لێ سەرەڕای ئەو ڕوبەرە فراوانە سیاسەتیش چەند بنەڕەتێکی خۆی هەیەو چوارچێوەی دیاریکراوی خۆی هەیە کە پێوستە حسابی بۆبکرێ ئەگەر وانەبووا نەدەکرا بەزانستو لە زانکۆکان نەدەخوێندرا.هەر شارەزایی ئەو بنەڕەتانەشە پسپۆر لە خەڵکی تر جیادەکاتەوە.

کورد ئێستا لەهەموو کاتێک زیاتر پێوستی بە بلیمەتی و شارەزای لە سیاسەت هەیە، چوون کاتی ئەوە بەسەرچوو هەولّو کۆششمان تەنها بۆ خۆناساندن و دەرخستنی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان بێت لە جیهان . جگە لەمە سیاسەتیش وەک هەر زانستێکی تر لە گۆڕاندایە. بەداخەوە هەر بێ ئاگای و پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە سەرەتاییانەی خەباتی ناوشاخە کە وای لە سەرکردەیەکی وەک تاڵەبانی کردووە جارێک بڵێ تورکمان لە عراق 4 ملیۆنن و جارێکیش ستایشی دیموکراتیەتی دەوڵەتێکی شۆفێنی وەک تورکیا بکات، وەک ئەوە وایە کەدەستخۆشی چەوسانەوەی زیاتر لە 20ملیۆن کوردی هەژارو هەق خوراوی لێ بکات یان ڕەنگە لای تاڵەبانی دیموکراتیەت لە تورکیا گەیشتبێتە لوتکەو هەوڵی لاسایی کردنەوەی بدات!!! ؟؟؟.لەهەمووی تازەتر داواکاری تاڵەبانیە بۆ دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ برا تورکمانەکان، ئەمەش ئەوشوێنانە دەگرێتەوە کە تورکمانەکان زۆرینەی دانیشتوانی پێکدێنن( وەک لە بڵاوکراوەی ئەنازۆلی نوێ باسکراوە*).زۆرم بیرکردەوە نەمزانی ئەو ئۆتۆنۆمیەی کە سەرۆک تاڵەبانی بەنیازە بە تورکمانەکانی ببەخشێ کوێ دەگرێتەوە؟ خۆ ئەگەر مەبەستی زۆرینەی دانیشتوان بێ ئەوا تەنها ناوچەی تەلەعفەر دەگرێتەوە ئەگەر مەبەستیشی سیاسەت بەکارهێنان بێ بەرامبەر دەوڵەتێکی وەک تورکیا هەروەک وابزانێ لە ماڵە ڕەوەندێکەو پاروەنانێکی بۆ دانراوە پێێ ئەڵێ گەر کورد هەق وەرگرێ پاداشتتان ئەدەمەوە، ئەوا دەبێ ئێمە فاتحە بۆ ئەودەوڵەتە بخوێنین کە تاڵەبانی بناغەکەیمان بۆ دانێ.هەزم دەکرد لەو بەرێزانەی دەهۆڵ بۆ بلیمەتی تاڵەبانی لێدەدەن ئەگەر سەرپێیش بێ بۆمان شیکەنەوە مەبەستی تاڵەبانی چیە کە دەفەرموێ پاڵپشتی کورد تەنها تورکیایە؟ ئەرێ ئەمە سیاسەتە یان سەردولکەیە کە کەس گریانی پێ نایێ؟؟ وابزانم ئێستا سیاسەتی زمان لوسی باوی نەماوە، ئەمڕۆ نەک هەر سەیری ژێرپەردە دەکرێ بەڵکو پلانی درێژخایەن کاری پێدەکرێ کە هێشتا ئەمیش لە گۆڕان بەدەر نیە. دەبێ ڕۆژێک دابێ کەسەرکردەکانمان دەستەی ڕاوێژکاری تایبەت بەبوارە جیاجیاکان دا بنێن و پرسیان پێبکەن، بۆ ئەوەی ئێمەی کورد دڵنیابین کە داهاتووێکی گەش چاوەروانمانە.

*أوضح جلال الطالباني رئيس جمهورية العراق أنهم بصدد وضع خطة حول إمكانية إعطاء التركمان حكما ذاتيا في المناطق التي يشكلون فيها كثافة سكانية. جاء ذلك في تصريحات أدلى بها السيد رئيس الجمهورية لصحيفة "الأناضول الجديدة" الصادرة باللغة الإنكليزية في تركيا.
وأفاد الطالباني بأن البرلمان الكردي يسعى الى صياغة دستور جديدة للمنطقة الكردية، وأنه يناقش مسألة إمكانية إعطاء منطقة حكم ذاتي للتركمان ضمن شمال العراق حسب الكثافة السكانية. إلا أن الطالباني لم يتطرق الى تفاصيل المناطق التي يمكن إعتبارها ذات كثافة سكانية تركمانية أو الجهة التي ستقرر هذه المناطق.
وكرر الطالباني القول بأنه لا يمكن للأكراد أن يقيموا دولة مستقلة ما لم تكن هناك موافقة تركيا وأضاف: " إن الشيعة لهم إيران، وإن العرب السنة لهم الدول العربية وخصوصا السعودية. بينما لنا تركيا فقط"

چەلەنگ بەرزنجی